

## نارین فەقێ: دووبەرەکی خەونەکانمان بەتاڵ و دڵی دوژمنانمان خۆش دەکات

نارین فەقێ خەڵکی شاری دێرکا حەمکۆیە لە ڕۆژئاوای کوردستان، کچی هونەرمەند (جودی)یە و ماوەی چەند ساڵێکە لە سوید نیشتەجێیە، تا ئێستا چەند ئەلبومێکی بڵاوکردۆتەوەو جگە لە کرمانجی بە سۆرانیش گۆرانی وتووە، دوایین کاری هونەریی بەشداریکردنی بوو لەسیمفۆنیا شنگال کە لەلایەن مامۆستا دڵشاد محەمەد سەعیدەوە ئامادە کراوە. نارین وەك کچە هونەرمەندێکی کوردستانی کە بەشداری ئەم کارە نیشتمانییە گەورەی کردووە، دەڵێ: دوژمنانی کورد ئێمەیان پارچەپارچە کرد بۆ ئەوەی بەهەموو شێوەیەك ڕێگر بن لەیەکبوون و یەکگرتنی ئێمە، چونکە باش دەزانن ئێمەی کورد تەنیا بە یەکگرتوویی و بە پتەوبوونی ریزەکانمان بەرامبەر بەدوژمنان دەتوانین سەرکەوین و بەئاواتەکانمان بگەین، بۆیە یەکگرتن و یەکڕیزیی نەتەوەکەمان ئاواتی هەموو کوردێکەو ئێستا لەهەر کاتێك زیاتر پێویستە، هەروەها ناکۆکی و دووبەرەکی خەونەکانمان بەتاڵ دەکات و تەنیا دڵی دوژمنانمان خۆش دەکات، بۆیە دەڵێم ئێستا لەهەر کاتێك زیاتر یەکدەستی و یەکبڕیاریی کورد پێویستە بۆ ئەوەی دڵی خۆمان و دۆستەکانمان خۆش بکەین و خەونی دوژمنانمان لەگۆڕ بنێین. دەربارەی دوایین کاری خۆی کە بریتی بوو لەسیمفۆنیای شنگال، نارین فەقێ دەڵێ: ئەمە جاری یەکەمە لە مێژووی هونەری کوردیدا بەرهەمێکی سیمفۆنیا بەو شێوەیە ئامادە بکرێت و بڵاوبکرێتەوە بە بەشداری ١٣ هونەرمەندی ناسراوی هەموو پارچەکانی کوردستان، هیواداریشم ئەمە جاری یەکەم وکۆتایی نەبێت، چونکە هونەری کوردی پێویستی بە ستایلی کلاسیکی و سیمفۆنیا هەیە.

## کەژان ئەسەدی: هونەر پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئازادییەوە هەیە

کەژان ئەسەدی یەکێکە لەو کچە ئەکتەرانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ماوەیەك لەهەرێمی کوردستان سەرقاڵی کاری نواندن بووەو تا ئێستا بەشداری لە چەندین کاری هونەری جیاجیادا کردووە، دوایین کاریشی لە هەرێم بەشداریکردنەی بوو لەفیلمی (هەنسکی ئاسمان) کە لەدەرهێنانی شەهرام قادر –ە.

کەژان وەك کچە ئەکتەرێك لەبارەی جورئەت لەنواندن دەڵێ: جورئەت ئەوەیە پەیامێك کە هەڵگری ڕاستییەکانە وەك خۆی بگوازیتەوە، هونەر خۆی لە خۆیدا هەڵگری ڕاستییەکانە.

سەبارەت بە بوونی جیاوازی لەنێوان پارچەکانی کوردستان لەکاری هونەریدا کەژان دەڵێ: ڕۆژهەڵاتی و باشووری یەك نەتەوەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە کەم تا زۆر جیاوازی هەیە لەوردەکارییەکان و جیهانبینی تاکەکان لەم دوو پارچەیە، لە ڕۆژهەڵات هونەر خاوەن مێژوویەکی کۆن نییە، هەر ئەوەش وایکردووە تا ئێستاش کۆمەڵگە بە گشتی ڕوانگەیەکی دیاریکراوی نەبێت بۆ هونەر لەگەڵ ئەوەشدا جموجۆڵی هونەری باشی تێدا دەبینرێت، بەڵام ئازادییەکی زۆرتر بۆ ئافرەت هەیە لە باشوور ئەمەش وایکردووە زۆر لە کچانی ڕۆژهەڵات لێرە کاری هونەری ئەنجام بدەن.

سەبارەت بەو ئازادییەی کە لە کوردستان هەیە کەژان دەڵێ: هیوادارم هونەرمەندانی باشوور سوودیان لەو ئازادییە وەرگرتبێت، هونەر پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئازادییەوە هەیە. بەڵام کاتی پێویستە تا لەم بەشە مێژوویەك دروست بێت، جا ئەو کات ئەم مێژووەو ئەم ئازادییەی کە هەیە بۆ بەدیهێنانی پەیامەکانی هونەر تەواوکەری یەکتر دەبن.





## کاوە:
# ئامانجمە لە ڕێگای سینەماشەوە خزمەتی گەلەکەم بکەم

کاوە یاخود هۆزان یەکێکە لەهونەرمەندە دەنگخۆش و ناسراوەکان نەك تەنیا لەباکووری کوردستان، بەڵکو لەگشت پارچەکانی کوردستان، ئەمەش بە هۆی دەنگە خۆشەکەی و سروودە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، تا ئێستا چەندین جار سەردانی کوردستانی کردووەو کۆنسیرتی سازکردووەو بە جەماوەری شاد بووە.

کاوە جگە لە گۆرانی توانای نواندنیشی هەیە لەم بارەوە دەڵێ: دیارە، کە سینەمای کوردی سەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرەی کە سینەماکارانی کورد دەیدەن و ئەو سەرکەوتنەی لەو بوارەوە بەدەستیان هێناوە، وەکو پێویست و لەئاست داخوازی سینەماکاران زۆر پێشنەکەوتووە، ئەمەش لەبەرئەوەی گەلی کورد لەپارچەکانی کوردستان دۆخێکی سەخت تێپەڕدەکەن و خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نین، هەرئەمەش وایکردووە تائێستا بەشداری هیچ پرۆژەیەکی سینەمایی، یان نواندنم نەکردووە.

دەربارەی داهاتووی لە بوارەی نواندن و ئەگەری بەشداریکردنی لە کاری نواندن دەڵێ: لەئێستادا پرۆژەی فیلمێکم لەبەردەستە، چیرۆکەکەی نووسراوەو ئەکتەرەکانیشی ئامادەن، جگە لەئەکتەرانی کورد بڕیاروایە کە تێیدا چەند ئەکتەرێکی بیانییش بەشداریی تێدا بکەن، بۆ ئەم پرۆژەیەش پێویستیمان بە هاوکاری ئابوورییە.،فیلمێکەش مێژووییە، باس لە مێژووی کوردستان دەکات و ئەگەر پرۆژەکەمان دەستپێکرد بێگومان لەباشووری کوردستان زۆربەی کارەکانی ئەنجام دەدەین.

سەبارەت بە رۆڵی خۆی لەو فیلمە دەڵێ: من پێموایە گرنگی لەوەدا نییە کە من رۆڵی تێدا ببینم، یاخود چ رۆڵێکم پێ دەسپێردرێ، بەڵکو ئەوەی زیاتر بە لای منەوە گرنگە ئەو پرۆژەیەیە کە ئێستا لەسەری کاردەکەین، سەربکەوێت و ئامانج و پەیامی خۆی بگەیەنێت، بۆئەوەی خزمەتی گەلەکەمان لە بواری سینەماشەوە بکەین.







## سالار مەحمود:

# عەتا ئەحمەد کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من و کەمال محەمەدو زۆربەی گۆرانیبێژەکان هەیە

سالار مەحمود لەدایکبووی گەڕەکی (سەرشەقام)ی شاری سلێمانییە، خوێندنی سەرەتایی و قۆناغی ناوەندی لەو شارەدا تەواو کردووە. بەمنداڵی خولیای گۆرانیوتن و وەرزشی هەبووە، سەرەتا لاسایی گۆرانیبێژە ڕەسەنەکانی کردۆتەوە، سەرەتای کاری هونەری لەگەڵ تیپی زانکۆی سلێمانی بووە، هەر لە سەرەتاوە بەشێوازی پۆپی رۆژئاوایی گۆرانی گوتووە، یەکەم گۆرانی کە تۆماری کرد (قەت لۆمەم مەکەن یاران) بوو، لەگەڵ هونەرمەند کەمال محەمەد یەکەم کاسێتیان لەساڵی ١٩٨٥ بڵاوکردەوە، ئەندامی تیپی مۆسیقای هاوناز بووە. ئیستاش بەردەوامە لەگۆرانیوتن. لەم دیمانەیەشدا وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەت بە ژیانی هونەری خۆی دەداتەوە.

**دیمانە/ زیاد کەریم**

**من دەستپێشخەریم کردووە زۆر پێش کاک کەماڵ لەسەر ئەو ستایلە گۆرانیم گوتووە من هەر گۆرانییەکم وتبێت دوای من یەکسەر کەماڵ گوتوویەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من هەرخۆشحاڵم، چونکە ئەو هونەرمەندێکی بەرزەو دەنگێکی خۆشی هەیە**

**تێکچوونی نێوانی کاک کەماڵ و کاک عەتا هیچ پێوەندییەکم بە منەوە نییە، ئەوان خۆیان زۆر هاوڕێ بوون، بەڵام هەندێک کیشە هەیە وای لە هەردووکیان کردووە کە پەیوەندی هونەری و هاوڕێیەتیشیان نەمێنێ**

**کە دوو هونەرمەند دەبن بە هاوڕێی یەکتری، پێکەوە کۆمەڵێک ئیش دەکەن، بەڵام مەرج نییە تاسەر بەیەکەوە بن، چونکە لەوانەیە یەکیان حەزبکات بەتەنیا یان لەگەڵ کەسێکی دیکەدا گۆرانی بڵێ**

*** لە تەمەنی منداڵیدا چ گۆرانیەکت دەگوتەوەو کاریگەری دەنگی چ هونەرمەندێکی ڕەسەنت لەسەر بووە؟**

- ئەو کاتەی منداڵ بووم ئەو گۆرانییانەی ئەو سەردەمە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی کەرکووك دەردەچوون، لاساییم دەکردەوەو بەیانی لەقوتابخانە دەمگوتنەوە.

*** ئەی سەرەتای کاری هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- سەرەتای کاری هونەریم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکان، لەگەڵ تیپی زانکۆی سلێمانی بە ستایلی پۆپی مۆسیقای ڕۆژئاوایی کە مامۆستایان هۆمەری دزەیی و قادر دیلان بە هەمان ستایل گۆرانییان دەوت، بەڵام بە شێوازێکی کوردی و جوان چڕیویانە.

*** باسی ئەو ساتانەمان بۆ بکە کە یەکەم گۆرانیت تۆمارکرد، لەگەل چ تیپێك بوو؟**

- لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٣ تیپی (هاوناز) مان هەبوو، من و کاک کەماڵ و کاک میدیا، گۆرانیبێژی تیپی هاوناز بووین، لەگەڵ کۆمەڵێك برادەری خۆشەویست وەك کاك هێرش فەوزی و دلێر ئیبراهیم، لە زانکۆی سلێمانی کاسێتێکمان تۆمارکرد، من دوو گۆرانیم وت، کاك کەماڵ و کاك میدیا چەند گۆرانییەکیان وت، من یەکەم گۆرانی کە وتم (قەت لۆمەم مەکەن یاران) بوو، ئەوەی لەگەڵ کاك کەماڵ وتوومەتەوە، دوای ئەوە من چوومە تیپی دەریا، لەو تیپە ساڵی ١٩٨٤ دوو گۆرانیم وت، گۆرانی (ئەرێ هۆ لەیلی و لەپاش تۆوە) ئیتر کە ئەو دوو گۆرانییەم تۆمار کرد بۆ تەلەفزیۆن، منیان بەخەڵك ناساند.

*** ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ کاك کەماڵ کاسێتێکی گۆرانیتان بڵاوکردەوە، باسی ئەو ساتانەمان بۆ بکە؟**

- ئەو گۆرانییانەی من و کاك کەماڵ ئاوازەکانی هی ئاوازدانەر (سالار سەلمانە)، تەنیا ئاوازێکیان هی کاك کەماڵ خۆیەتی کە لەساڵی ١٩٨٥ بڵاومان کردەوە، گۆرانییەکانیش بریتین لە (شەوێکە و ئەمشەوی تر، عەرزوحاڵی ژین بەبێ خەم، ئۆف بریندارە، کۆتری سپی و یەك دوو گۆرانی تر هی کاك کەماڵ خۆی) کە توانیمان ئەو کاسێتە بۆ یەکەمجار لەشاری سلێمانی بڵاوبکەینەوە، بەناوی کەماڵ و سالارەوە. دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، دەمێك بوو لەسەر ئەو ستایلە گۆرانی نەگوترابوو، هەرچەند پێشتر تیپی زانکۆی سلێمانی بەو ستایلە گۆرانییان گوتبوو، پاش چەند ساڵێك ئەوان بێدەنگ بوون، زیاتر گۆرانی ڕۆژهەڵاتی و میللی هەبوو ئەو کات، ئیتر کە ئێمە ئەو کاسێتەمان خستە بازاڕەوە، خەڵك زۆریان پێخۆش بوو، پێشوازییەکی باشی لێ کرا.

*** باسی ستایلت کرد، تۆ پێشتر لەسەر ئەو ستایلە ئیشت کردبوو، یان کاك کەماڵ محەمەد؟**

- ڕێزو خۆشەویستیم بۆ کەماڵ هەیە، لەبەر ئەوەی تەمەنێك بەیەکەوە بووین، بەڵام وابزانم ئەو ستایلە من دەستپێشخەریم کردووە زۆر پێش کاك کەماڵ لەسەر ئەو ستایلە گۆرانیم گوتووە، واتە کاك کەماڵ لەگەڵ کاك میدیا گۆرانییان دەوت، ئێمە تیپی ڕۆژئاوایی بووین، لە بۆنەیەکدا ئەوان هاتن، لەو بۆنەکە گۆرانییان وت، ئەوان لەگەڵ تیپێکی ڕۆژهەڵاتیدا گۆرانییان وت، ئێمە تیپێکی رۆژئاوایی بووین، ئیتر یەکترمان ناسی و داوامان کرد کاك کەماڵ بێتە تیپەکەمانەوە، بەڵام بە میدیامان نەگوت.

***بۆ بە میدیاتان نەگوت؟**

- چونکە دەنگی کاك میدیا زیاتر میللی و ڕۆژهەڵاتی بوو، بەڵام دەنگی کاك کەماڵ لەگەڵ شێوازی پۆپدا زۆر ڕێکدەکەوت و گونجاو بوو، پێمان خۆش بوو کە کاك کەماڵ لەگەڵ ئێمە بێت، بیرمە من و کاك هێرش فەوزی پێمان وت، ئەوە بوو هاتە تیپەکەمانەوە، پاش ساڵێك زیاتر کاك میدیاشی هێنا تیپەکەوە، ئیتر وەك باسم کرد تیپەکەمان ناونا هاوناز.

*** پەیوەندی تۆو هونەرمەندی کۆچکردوو کاروان عوسمان چۆن بوو؟ ئایا کاری هونەریتان بەیەکەوە کردووە؟**

- هونەرمەندی کۆچکردوو کاروان عوسمان تەمەنی هونەری کەم بوو، سێ چوارساڵێ بوو، من لەگەڵ کاروان عوسمان هاوڕێیەتی و دانیشتمان هەبوو، بەڵام کاری هونەریمان پێکەوە نەبوو، چونکە ئەو لەتەمەنێکی زۆر کورتدا بەجێی هێشتین، فریای ئەوە نەکەوتین کە پێکەوە کارێکی هونەری بکەین.

*** ئەی پەیوەندی کاروان عوسمان لەگەڵ کەماڵ محەمەد چۆن بوو؟**

- وابزانم کاسێتێکیان بەیەکەوە بڵاوکردەوە، چەند گۆرانییەکیان وت، کاروان هونەرمەندێکی بەتوانا بوو، وەك میوزیکژەن، ئاوازدانەر وخاوەن دەنگێکی خۆش بوو، بەداخەوە زوو بەجێی هێشتین.

***لەدوای لەسێدارەدانی هونەرمەند کاروان عوسمان، پەیوەندیت لەگەڵ کەماڵ محەمەد بە چ ئاراستەیەك چوو؟**

- کە دوو هونەرمەند دەبن بە هاوڕێی یەکتری، کۆمەڵێك ئیش دەکەن بەیەکەوە، مەرج نییە تاسەر بەیەکەوە بن، چونکە لەوانەیە یەکیان حەزبکا بەتەنیا گۆرانی بڵێ، یان حەزبکا لەگەڵ



کەسێکی دیکەدا بێ، ئیتر شێوازەکە دەگۆڕێ، واتە هەتا هەتایە هەر بەیەکەوە نابن، خۆ لەپێش ئێمەشدا ئەو شتانە هەر هەبووە، هەتا سەر دوو کەس بەیەکەوە گۆرانییان نەوتووە، بۆ من و کاک کەمالیش هەمان شتە، ئێستا ئەو لە سوید دەژی، من لە سلێمانی دەژیم، پێوەندییەکان کەمتر بۆتەوە، ئەگەر بە سەفەرێکیش بێتەوە فریای ئەوە ناکەوین کاری هونەری بەیەکەوە بکەین، ئێستا ئیشەکانی من لەگەڵ کاک عەتایە.

*** پێشتر تۆ و کەمال و عەتا وەك سێکوچکەیەك وابوون، هەمیشە بەیەکەوەبوون، بەیەکەوە کاری هونەریتان دەکرد، بەڵام کاتێك ئەو پێوەندییە لەنێوان تۆ و کەمال محەمەد دەپچڕێ، پێوەندی کەمال و عەتاش دەپچڕێ، ئێستا وەك سێ هونەرمەندی شاری سلێمانی بە پێوەندیەکی زۆر سارددا گوزەر دەکەن، قسە لەگەڵ یەك ناکەن، تەنیا تۆ و عەتا قسە لەگەڵ یەك دەکەن، هۆکاری ئەم دابڕانە چی بوو؟**

_ کاک عەتا ئاوازدانەرە، تێکستی گۆرانی دەنووسێ، مۆسیقاژەنەو گۆرانیش دەڵێ، ئێستاش بۆتە گۆرانیبێژێکی رەسمی، ئیستا گۆرانییەکانی زیاتر بۆ خۆیەتی، بەپێی دەرفەت و ئارەزووی خۆی لەگەڵ منیشدا ئیش دەکات، بەنیسبەت کاک عەتاو کاک کەمالەوە، ئێستا پێوەندییان نەماوەو عەتا ئیشەکانی خۆی نادات بە کاک کەمال، ئەمەش هیچ پێوەندی بەمنەوە نییە.

*** ئەی پێوەندی تۆ لەگەڵ کەمال محەمەد لەسەر چی تێکچوو؟**

- ئێستا کاک کەمال لە سوید دەژی، منیش لە سلێمانیم، کارە هونەرییەکانی من لێرە ئەڕوا، نە من ئاوازدانەرێکی باشم، نە کاک کەمالیش ئاوازدانەرێکە بتوانێ بە بەردەوامی ئاواز دابنێ و یارمەتی منیش بدات، ئیشیش بۆخۆی بکا، ئەوەی ئیشەکانی ئێمە دەکا کاک عەتا ئەحمەدە.

*** چەندین گۆرانیت لەلایەن کەمال محەمەدەوە وتراوەتەوە بێ ئەوەی کاردانەویەکت هەبێ و بێدەنگیت لێ نواندووە، بۆ بێدەنگ بوویت؟**

- خۆی من هەر چ گۆرانییەکم وتبێت دوای من یەکسەر کەمال گوتوویەتیەوە، بەم دواییەش لە بەرنامەی شەقام، گۆرانی (دڵە با بەس بێ ) ی گوت، بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات، کە من لە ساڵی ١٩٨٦ ئەو گۆرانییەم گوتووە، زۆر لەو گۆرانییانەی من کە کاک کەمال گوتوویەتیەوە، بە دەنگی کاک کەمال ڕۆیشتووە، کە لە سەرەتا من وتوومە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من هەرخۆشحاڵم، چونکە هونەرمەندێکی بەرزەو دەنگێکی خۆشی هەیە، دڵگران نیم کە کاک کەمال گۆرانییەکانی من دەڵێتەوە.